


# خوێندنەوەیەک لە خـولی وەرزی ئەمساڵی یانە پلــ



دوای ئەوەی بە سـەدان ملیۆن هاندەر خواحافیز بوونیان لە وەرزی ئەمسـاڵی خولی پلە نایابەکانـی ئینگلتەرە یان لە تۆپی پێی کرد کە یانەی شـەیتانە سـوورەکان توانیان نازناوەکە ببنەوە کە ماوەی ساڵێکی خایاند کە تیاییدا یانەی بەناوبانگی باکوور نیوکاسل و یانەی میدلزبەرە بۆ خولی یانە پلە یەکەکان دابەزین و یانەی مانچستەر یۆنایتد بۆ جاری هەژدەمیـن نازناوەکەی بردەوە و لیڤەرپوول پلەی دووەم و ئەرسناڵ پلەی سـێیەم و چێڵسی بە پلەی چوارەم هاتن و هەر چواریان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا شان بە شانی یەکدی بەشداری دەکەن و ئەمەی خوارەوەش خوێندنەوەیەکە لەسەر وەرزی ئەمسـاڵی پریمیر لیگ و پێکهاتـەی باشـترین (١١) یاریزانە کە رۆڵێکی سەرەکیان هەبـووە لـە ئەنجامەکانی یانەکانیان هەندێکیان هۆکاری ئەوەبووینە کە پلەیەکی باشـیان وەرگرتووە هەندێکی دیکە رۆڵیان هەبووە لە مانەوەی یانەکانیان لە خولی پلە نایاب.

*** گۆڵچی: ئەدوین ڤان دیرسـار (مانچستەر یۆنایتد)**

- وەرزێکی باشـی تەواو کرد و توانی گشت ریکۆردەکان بشـکێنی بۆ مـاوەی (١٣١١) خولەك کە لـە (١٤) یاری زیاترە پارێزگاری لە گۆڵەکەی بکات و تەنیا یەك گۆڵێشی لێ تۆمار نەکراوە.

***بەرگـری راسـت : گلسـن جۆنسـن (بۆرتسمۆس)**

- رۆڵێکـی بەرچـاوی هەبوو لـە مانەوەی




## ــــه نایابەکانی ئینگلتەرە

یانەکەی لە خولی نایاب توانی ئاستێکی بەرز لەلای راستە ببینێ و (٣٤) یاری ئەنجامداوە و (٣) گۆڵیشی تۆمار کردووە.

*** بەرگری چەپ: باتریس ئیڤرا (مانچستەر یۆنایتد)**

- ئاســتێکی زۆر بەهێزی لــە لای چەپەوە نیشــاندا (٤٤) یاری ئەنجامــداوە هۆکاری ســەرەکی بوو کە دروســتکردنی هێرشەکانی یانەکەی و لە هەمان کاتیشــدا بەرگرییەکی تەواوی دەکرد.

*** بەرگــری پێشــەوە : نیمانیــا ڤیدیتــچ** (مانچستەر یۆنایتد)

- باشــترین وەرزی بووە لە ژیانی تەنیا یاری لیڤەرپوول نەبێ کە بە ئەنجامی (١-٤) گۆڵ دۆڕان و لــە وەرزی ئەمســاڵ (٥١) یاری ئەنجامدا.

*** بەرگری دواوە : بریدهانجیسلاند (فۆلهام)**

- هۆکارێکی سەرەکی بوو لە سەرکەوتنەکانی یانەکــەی و (٤٢) یــاری ئەنجامداوە و یەك گۆڵــێ تۆمارکرد و یاریزانانــی رکابەر زۆر بە زەحمــەت هێڵی بەرگریــان دەبڕی دوای ئەرسناڵ کرد کە بڕی (١٥) ملیۆن جونەیهی بۆ تەرخان بکات بۆ وەرزی داهاتوو.

* یاریزانی هێڵی ناوەراست

*** ستیڤن ئیرلاند (مانچستەر سیتی)**

- توانی ئاســتی پلە بەرزی لە ئەســتێرەکان وەربگرێتەوە لەســەرووی هەموویان رۆبنهیۆ، ناویــراو توانــی بەژیری خــۆی کۆنترۆڵی ناوەڕاستی یاریگا بکات لە (٤٦) یاری (١٣) گۆڵ تۆمار بکات و (١٠) گۆڵیش دروســت بکات.

*** مەروان ئەفیلانی (ئیڤەرتۆن)**

- زۆر کەس گلیەکی زۆریان لە راهێنەر دیڤید مۆز کــرد کە بڕی (١٦) ملیــۆن جونەیهی بۆ ئەم یاریزانە تەرخــان کردووە کە لە یانەی ئەندرلەختی بەلژیکــی کری، فیلانی بەرگز مەغریبیە توانای دمیان ببەســتێ بە ئاستی بەرزی کە دڵی جەماوەرکەی بۆ خۆی راکێشا و راهێنــەر مۆینری ســەربەرز کرد لە (٣٢) یاریش (٩) گۆڵی تۆمارکرد جێگەی باســە فیلانی لە ناوەراستی وەرزی رابردوو هاتە ئەو یانەیە.

*** ستیڤن جیرارد (لیڤەرپوول)**

- فەرماندەیەکی لێهاتوو بوو چاودێران زۆر جار دەڵێن کە هاتوو جیرارد دیار نەبوو لە لیڤەرپوول مانــەی ئەوەیە لیڤەرپوول بێ ئاســت دەبێت چونکە جێگرەوەی نەبوو لەم وەرزە و جیرارد لە وەرزی ئەمساڵ (٤١) یاری ئەنجامدا توانی (٢٤) گۆڵ تۆمار بکات.

*** کریستیانۆ رۆناڵدۆ (مانچستەر یۆنایتد)**

- بەراســتی گەر هاتوو ئەم یاریزانــە ئاســتی زۆر بــەرز ئەوا یانەی مانچســتەر یۆنایتدیش ئاســتی وەکو پێویســت دەبێ مانای ئــەوەی رۆناڵدۆ مانچســتەرە و مانچســتەریش رۆناڵدۆیە لە (٥١) یاری (٢٦) گۆڵی تۆمارکردووە.

یاریزانە هێرشبەرەکان

*** نیکۆلاس ئەنێلکا**

- بە تەئکید وەرزی ئەمســاڵ باشترین وەرزی ئەم یاریزانە بوو کە جەماوەرێکی زۆر لە ئاستی خۆی دوورە و توانی پلەی یەکەم لە رێزبەندی گۆڵــکاران وەربگری و لە (٥٢) یاری (٢٥) گۆڵی تۆمارکردووە ئەویش ئەو کاتەی جۆس هیدنیــك ئەرکی راهێنەرایەتی بەشــێوەیەکی کاتی وەرگرت.

*** فێرناندۆ تۆریس (لیڤەرپوول)**

- چاودێران دەڵێن گەر هاتوو وەرزی ئەمساڵ بە تەواوی یاری بکردبایە و لە پێکان دووربایە بە ئاســانی نازناوی گۆڵــکار و خولی یانە پلە نایابەکانی ئینگڵتەرەیان بە دەســتدەهێنا سەرەڕای ئەمەش توانی لە (٣٥) یاری (١٧) گۆڵ تۆماربکات کە چەندین گۆڵیشــی بە جوانترین گۆڵی وەرزی ئەمساڵ دانرا.

تێبینی : گۆڵەکانی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد گۆڵەکانی خولەکانی ئینگڵتەرەیە.

**گۆڵکارەکانی لە خولی پلە نایابەکان**

-١ نیکۆلاس ئەنێلکا (چێلسی) (١٩) گۆڵ

-٢ کریســتیانۆ رۆناڵدۆ (مانچستەر یۆنایتد) (١٨) گۆڵ

-٣ ســتیڤن جیرارد (یانەی لیڤەرپوول) (١٦) گۆڵ

-٤ رۆبنهیۆ (یانەی مانچستەر سیتی) (١٤) گۆڵ



٥- فێرناندۆ تۆریس (یانەی لیڤەرپوول) (١٤) گۆڵ

٦- داریــن بینیت (یانــەی تۆتنهام) (١٢) گۆڵ

٧- کیڤن دیڤیز (یانەی بۆڵتۆن) (١٢) گۆڵ

٨- دیــرك كاوت (یانــەی لیڤەرپوول) (١٢) گۆڵ

٩- فرانك لامپارد (یانەی چێلســـی) (١٢) گۆڵ

١٠- واین رۆنی( یانەی مان یۆنایتد) (١٢) گۆڵ

بەهێزترین یانە لە هێڵی هێرشبردن

١- یانەی لیڤەرپوول (٧٤) گۆڵ

٢- مانچستەر یۆنایتد (٦٧) گۆڵ

٣- چێلسی (٦٥) گۆڵ

٤- ئیڤەرتۆن (٥٣) گۆڵ

٥- ئەستۆن ڤیلا (٥٢) گۆڵ

٦- تۆتنهام (٤٤) گۆڵ

٧- بۆڵتۆن (٤١) گۆڵ

٨- بلاکبێرن (٤٠) گۆڵ

٩- نیوكاسڵ (٤٠) گۆڵ

١٠- وێستهام (٤٠) گۆڵ

١١- فۆلهام (٣٩) گۆڵ

١٢- هاڵ سیتی (٣٩) گۆڵ

ئەمەو یانەی بلاکبێرن بــە پلەی یەکەم دێت لە وەرگرتنــی کارتی زەرد کە ژمارەیان (٦٧) کارت بوو لە کارتی سووریش یانەی نیوکاسـڵ بـە پلەی یــەك دێت بە وەرگرتنی (٨) کارتی سوور.

**دروستکەری گۆڵ**

١- دیمیتــار برباتۆف (مانچســـتەر یۆنایتد) (١٠) گۆڵی دروست کرد

٢- فرانك لامپارد (چێلســی) (١٠) گۆڵی دروستکردووە

٣- رۆبین ڤان پێرسی (ئەرسناڵ) (١٠) گۆڵی دروستکردووە

٤- سیسك فابریگاس (یانەی ئەرسناڵ) (٩) گۆڵی دروستکردووە

٥- ســتیڤن جیرارد (یانەی لیڤەرپوول) (٩) گۆڵی دروستکرد

٦- ســتیڤن ئایرلاند (مانچستەر سیتی) (٩) گۆڵی دروست کردەوە

**ئایا دەزانی**

* ئەگــەر هاتــوو تەنیــا خاڵەکانــی و ئەنجامەکانــی گێمــی یەکەمی خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە هەژمار بکرابایە ئەوە یانەی چێلســی بە جیاوزای چوار خاڵ لەگەڵ یانەی مان یۆنایتد دەبووە پاڵەوان.

* گەر هاتوو خاڵەکانی و ئەنجامەکانی گێمی دووەم هەژمــار بکرابایــە ئــەوە یانــەی لیڤەرپوول بەجیــاوازی (١٣) خاڵ لەگەڵ یانەی مان یۆنایتد دەبووە پاڵەوان.

* یانــەی مانچســـتەر یۆنایتد زیاترین گۆڵــی تۆمارکردووە کە یاریزانــی هێڵــی بەرگری بۆی گۆڵچیان گەڕاندۆتەوە ژمارەیان (٧) گۆڵ بوو.

* زیاتر گۆڵ بە عەموود و ستۆن کەوتــووە بۆ یانەی لیڤەرپوول بوو کە ژمارەیان (٢٩) جار بووە.

* یاریــگای تۆتنهــام (وایــت هارت لیــن) کەمترین گۆڵی لێ تۆمارکراوە و گەیشــتۆتە (٣١) گۆڵ.

* ٣٪ گۆڵەکانی یانەی ئەرسناڵ یاریزانانــی بــە رەگــەز ئینگلیز تۆماریــان کردووە، بــەڵام (٧١٪) گۆڵەکانــی یانــەی پۆرتســمۆس یاریزانانی بەرەگەز ئینگلیز تۆماریان کردووە.



# جیرارد داوای کۆپیکردنی تۆریس دەکات

کاپتنی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی ستیڤان جیرارد کە ئێستا تەمەنی(٢٩) ساڵە داوای لە دەستەی کارگێڕی یانەکەی کرد بۆ وەرزی داهاتوو بۆند لەگەڵ هەر یاریزانێك مۆربکەن دەبێ لە ئاستی یاریزان فرناندۆ تۆریس بێت بۆ ئەوەی بتوانین نازناوی وەرزی داهاتوو ببەینەوە، جیرارد دەڵێ سەرەڕای ئەوەی ئێمە لە وەرزی رابردوو بە پلەی دووەم هاتین دوای یانەی مان یونایتد کە خاوەن نازناوەکە بوو، دەبێ ئێمە تیپەکەمان بە یاریزانی گەورە و ئاست بەرز ئامادەبکەین و یانەکەمان لە وەرزی رابردوو بەدەستبەتاڵی گەڕایەوە و هیچ نازناوێکمان نەبردەوە، گەر بمانەوێ نازناو ببەینەوە دەبێ بۆند لەگەڵ یاریزانی ئاست بەرز و ناودار مۆربکەین کە لە شێوازی تۆریس بێت، جێگەی باسە هێرشبەری ئیسپانی تەمەن(٢٥) ساڵ توانی (٥٠) مین گۆڵ بۆ یانەی لیڤەرپوول تۆماربکات کە لە ئایاری رابردوو بۆندەکەی لەگەڵ لیڤەرپوول نوێکردەوە، جیرارد تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە لە وەرزی داهاتوو رکابەرییەکی بەهێز بکەوێتە نێوان ئێمە و یانەی چێلسی ئەویش بە هاتنی راهێنەری بە ئەزموون کارلۆ ئەنشیلۆنی بەڵام جیرارد دووپاتی دەکاتەوە کە نازناوی خولی وەرزی داهاتوو دەبێ بگەڕێتەوە(ئەنفلید) کە لە ساڵی (١٩٩٠) وە خەونی پێ دەبینن، ئێمە دەبێ پارێزگاری لە تۆریس و دوو یاریزانی هاوشێوەی ئەو بکەین بۆ ئەوەی هەنگاوێکی باشتر بەرەو پێشەوە بڕۆین، لە کۆتاییشدا دانی بەوە نا کە مانچستەر یونایتد خاوەنی چەندین یاریزانی لێهاتوو بوو و هەروەها یاریزانی یەدەگی باشیشی هەبوو بۆیە بووە خاوەنی نازناوی وەرزی رابردوو.





## هار جیریفز:

## چاوەڕوانی کۆتایی ژیانی وەرزشی دەکات

ئەوین هار جایریفزی تەمەن(٢٨) ساڵی و ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی مان یونایتد و هەڵبژاردەی ئینگلتەرە گوتی پێکان هۆکاری سەرەکیم بوو لە دوورکەوتنەوەم کە تووشی ئێش و ئازارێکی یەکجار زۆربووم، جێگەی باسە یاریزانی ناوبراوە دووجار نەشتەرگەری لە پاش پانی بۆ کراوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە لە یاریگا دوورکەوتەوە و ئێستاش ئازارەکەی بەردەوامە و کاریگەری لەسەر مەشقکردن هەیە و هەروەها دەڵێ دەبێ من پەلە لەگەڕانەوەم نەکەم تا بە تەواوی چاك دەبمەوە و بەهێزێکی پۆڵاین بتوانم بگەڕێمەوە یارییەکان، جێگەی باسە ساڵی(٢٠٠٧)ئەم یاریزانە بە بڕی ٢٧,٣٥ ملیۆن دۆلار لە یانەی بایرن میونخ هاتە ئۆلد ترافۆرد، ئەمە و هار جریفز پێش یاری کۆتایی خولی یانەکانی ئەوروپا لە یاریگا دەبینرا کە لەگەڵ برادەرەکانی مەشقی دەکرد بەڵام فێرگسۆن لەو کاتەی لەگەڵ چێلسی بەرامبەر بوون تا ئەمرۆش یاری بەم یاریزانە نەکردووە، نەشتەرگەری یەکەم لە ئەیلولی ٢٠٠٨ بۆ کرا و نەشتەرگەری دووەمیش لە تەمموزی ٢٠٠٩ بۆ ئەنجامدرا کە بە سەرپەرشتی دکتۆر رێشارد ستیدمانی ئەمەریکی بوو کە بە ئەفسانەی ئەم جۆرە نەشتەرگەرییانە ناسراوە و پێشتر نەشتەرگەری بۆ چەندین ئەستێرەی بەناوبانگ کردووە لەوانە راهێنەری نیو کاسل ئالان شیرەر و مایکل ئەوین و هۆڵەندی رۆدفان نلستەر رۆی کە ئەوکات بۆ شەیتانە سوورەکان یاری دەکرد، ئەمە و فێرگسۆن متمانەیەکی تەواوی بەم یاریزانە هەیە کە لە وەرزی(٢٠٠٩-٢٠١٠) بگەڕێتەوە ئاستی جارانی خۆی پاش ئەوەی چاك دەبێتەوە، ئەم یاریزانە لە کۆتایشدا دەڵێ لەوانەشە ئەم پێکانە ببێتە هۆکاری سەرەکی وازهێنانم.



# وەرزش لە بەندیخانەی مەحەتە بـ

ماوەیەکە لە نێــو بەندینخانەی چاکســازی گــەوران کــە بەندینخانەی (مەحەتە) ناسراوە لە شــاری هەولێر ژمارەیەکی زۆری بەندکــراوان پیشــەی رۆژانەیان بۆتە وەرزش کردن،کە لە لایەن ئیــدارەی بەندینخانەوە ئەوپەڕی ئاسان کارییان بۆدەکەن بە کردنــەوەی خولی جۆراوجۆر بۆئەمــەش ئێســتا خولێکــی تۆپی پێ بەبەشــداری ١٤تیپ بەردەوامە،ئەم وەرزشــکردنەش تارادەیــەك بۆتــە هۆکارێکی چاك بــۆ چاکســازی کردنی بەندکراوەکان.لەم ناوەشدا لەبارەی وەرزش کردنەوە بەدواداچوونێکمان ئەنجامدا لەنێو بەندینخانەی مە حەتە.

راپۆرت:کارزان کانەبی

**ســەرەتا نقیب (خەســرۆ غــازی خۆشــناو) فەرمانــدەی فەرمانــدەی گرتــن وگواســتنەوەی هەولێر گوتی**
"خــۆی دانانــی بونیاتــی وەرزش لە بەندینخانەکەمان دەگەڕێتەوە بۆســالی ٢٠٠٥هەوڵماندا گۆڕەپانێکی وەرزشــی دروست بکەین بۆ بەندینخانە، هەرچەندە بەندینخانەشمان هە بوو بەڵام گۆڕەپانەکە وەکو پێویســت نەبوو بەندکراوەکان لەنێوان خۆیان وەرزشــیان دەکرد وەکو تۆپی پێ، بەڵام بە شــێوەیەکی نارێك ئێمە بیرمان لــەوە کردەوە کــەوا چەنــد تیپێکی نێو بەندکــراوەکان پێشــبڕکێیان پێ بکەین بەردەوام بووین تاکو ئاســتی وەرزشــیان بەرزبــۆوە ســاڵی رابــردووش توانیمان هەڵبژاردەیەك دروست بکەین لە نێو خۆیان بەشداری بکەین لەگەڵ ئەو تیپانەی کە لە دەرەوە دێن. پاشان بیرمان لەوە کردەوە کەوا شــەش تیپمان لە نێو بەندکراوەکان پێکهێنا، چەند تیپێکمــان لەدەرەوە هێنا بۆســازدانی خولێکی تۆپی پێ بچوك ئێمە شــەش مانگ جارێك ئەم خولانە ســازدەکەین یارییەکانیش بەشەو ئەنجام دەدران ئێمە دەمانەوەی ئەم زیندانیانە سەر لەنوێ بونیادیان بنێنەوە زیاتر هەست بە ئــازادی بکات چونکە یاریزانانەکان هی دەرەوەن هەوڵمان داوە متمانەیەك دروست بکەیــن لە نێوان ئیــدارەی بەندینخانە و زیندانییەکان، جگە لە تۆپی پێ، تۆپی بالــەو تۆپی ســەرمێزمان هەیە ئاواتی زۆرمان هەیە بەڵام بەندینخانەکە بچووکە ناتوانین هەموو وەرزشەکان ئەنجام بدەین لە بەرنامەشدایە بەندینخانەیەکی مۆدێرن دروســت بکرێت، یاریگاکەشمان سەبەیە هەندێك جــار یاریزانانە توشــی پێکان دەبن،دەست شــکان دەبن، بۆیە داواکارین لەلایەنی بەرپرس ئەگــەر یاریگاکەمان بۆتارتان بکەن بۆئەوەی ئەم بەندکراوانەی یاری دەکەن تووشــی ئەم جۆرە گرفتانە نەبنەوە، لێرش یاریزانی باش هەیە کەپاشە رۆژی باشی دەبێت لەدەرەوە، یانەکانیش ســوودی دەبێت،گوتیشــی ئەنجــام دانانی وەرزش بەشــێکە لە چاکســازی زیندانیەکانیــش هەســت بە ئینســانی خــۆی دەکات، لە بارەی کێشــەکانیش گوتی تەنیا کێشــەی بچوکی شوێن و یاریگاکەش سەبەیە ئەگەرنا هیچ کێشە یکمان نیە گوتیشی لایەنی پەیوەندیدار و رێخراوەکان دەرگایان والایە بۆ هاوکاری ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێ کوردســتان هەموو لایەك هاوکاری ئێمەیان کردوە.

**(دەشــتی عەبدوڵڵا) ڕاهێنەری تیپی بەندکراوەکان گوتی:** سەرەتا لە بەندینخانە وەرزشکردن وەکو ئێستا نەبوو بە تایبەتی یاری تۆپی پێ تەنەکەمان دادەنا بۆ گۆڵ لە جیاتی عەموود بــەڵام بە هاوکاری ئیدارەی بەندینخانە تابەم رۆژە گەیشتین یاریگامــان بۆدروســت کــرا یاریگای یاســایمان دروست کرد ســەرەتا چەند مانگێك خولێکمان دەکردەوە،گوتیشــی ئێســتا وەرزش بۆتە هۆکارێکی باش بۆ چاکســازی کردن بەندکراوەکان هەســت بەنووێ بوونــەوە دەکەن بەوەرزشــکردن خەمەکانی خۆی لەبیر دەچێتەوە. زۆرجار لەنێوان خۆمان باســی خولەکانی خۆمان دەکەین بەندیخانەمان لەبیر کردوە،خولەکان لێرە جۆراوجۆرە بەس تۆپی پێ نییە، بەڵام کێشەی نەبوونی یاریگامان نیە سوپاسی نەقیب خەســرۆ دەکەین کەزۆر هاوکاری



# ـــۆتە هۆکارێک بۆچاکسازی کردن

بەندکراوەکان دەکات لەهەموو روویەك.

بڕوا بکە ئەوەی ئێمە لۆمان دەکرێت مەگەر یانەکان بۆیان بکرێت، داوا لەلایەنی بەرپرس دەکەین ئەگەر یاریگاکەمان بۆتارتان بکەن.

**(وریا یاسین)یاریزان گوتی** لەراستی وەرزشکردن ئێستا لە بەندینخانەکەمان بۆتە هۆکارێکی باش بۆ کەمکردنەوەی خەمەکانمان هەم گرنگی دانە بەتواناکانی خۆمان سوپاسی نەقیب خەسرۆ دەکەین کە تاکو ئێستا نەیهێشتوە کەم و کوڕیمان هە بێت هەموو پێداویستیەکانی بۆمان دابین کردوە،خولەکانیش جۆراوجۆر بووە نەك تەنیا تۆپی پێ هیوادارم لایەنی بەرپرس ئەم یاریگا سەبەمان بۆ تارتان بکەن چونکە زۆر جار توشی پێکان دەبین.

**(ئەحمەد ناسر) ناوبژیوان لەیارییەکانی خولەکان گوتی** خۆتان دەزانن بەندکراو زروفێلی تایبەتیان هەیە بەڵام لێرە بەندکراوەکان لەکەشێکی زۆر وەرزشی باش دەژین لێرە وەرزش بۆتە هۆکارێ باش بۆ وەرزش کردن وەرزیش خۆتان دەزانن ئەگەر بەندکراو هەر دابنیشێ کاتێکی ناخۆش بەسەر دەبات بەڵام بەڕێوەبەری بەندینخانە نەقیب خەسرۆ زۆر هاوکاری وەرزشەوانەکان دەکات بەبێ جیاوازی، خولی جۆراوجۆرمان بۆدەکاتەوە بەڵام یەك کێشەمان هەیە کەیاریگاکە سەبەیە زۆرجار یاریزانان توشی پێکان دەکات ئەگەر بکرێت بەتارتان ئەوە کارێکی زۆر باشە.

**(بڕیارکەریم) یاریزان ئەویش بەم جۆرە بۆچونی خۆی دەربڕی** لەسەر وەرزش گوتی لێرەدا وەرزش بۆتە هۆکارێکی باش بۆ بەندکراوەکان ئێمە لێرەدا تارادەیێکی باش خەمەکانمان لە بیر چۆتەوە کردنەوەی ئەم خولانەش بۆتە کارێکی چاك بۆ چاکسازی کردنی بەندکراوەکان لیرە دەمەوێ سوپاسی نەقیب خەسرۆ بکەم کە هاوکاری هەموو بەندکراوەکانە بەتایبەتی بواری وەرزش بەم وەرزش ژمارەیەکی زۆر بەندکراوەکان خەمەکانیان کەم بۆتەوە بەڵام داواکرام ئەم یاریگایەمان بۆتارتان بکەن بۆئەوەی چیتر توشی پێکان نەبین.



خەسرۆ غازی خۆشناو



دەشتی عەبدوڵلا



وریا یاسین



ئەحمەد ناسر



بڕیارکەریم